# شادمانی .. لە بەهەشتەکانی وەحشەتدا

–1 –

## ئەنوەری ڕەشی عەولا

وەك ئەمیرێکی هەژار
ناخودایەکی بێ قەیاغ
قەرەڵێکی قەلەندەر
شاعیرێکی لاڵ
میهرەبانێکی بەد

بە پاڵتۆیەکی بەفرینەوە
شاڵگەردنی هەورێکم لە ملدایە و
دەستکێشی ڕەشەبایەکم لە دەستدایە و
کلاوی غوباری تەرزەکانم لە سەردایە و ، بە ڕۆح خاوسی دەڕۆم
دەڕۆم و بێباك لەوەی :
باشوورم بەفرە و
باکوورم بەفرە و
ڕۆژهەلاتم بەفرە و
خۆرئاوام بەفر
چوون حافیزێکی چەشەبووی ڕۆحناس
بەسمە ، قوتیلەی پەیڤینی شیعر بۆ زەمهەریرەکانی
ڕۆحی دەیجوورم
من هەمیشە ، بەهارێکی پاییزی و
زستانێکی هاوینی بووم
لەوەتی هەم بێماڵ نەبووم ، لە تەلاری چاوەڕوانیداو
لە کوانووی گشت وەرزە بێ درەخشان و
ژیلەمۆکانیشدا

هەر پەنابەر و کرێچیەکی ڕۆح خەنیبووم

لەوەتی هەم بەسم بووە :

ئاینێك بووبم لە گومان .. هەتاوێك بووبم لە بەفر

ئاوێك بووبم لە بەرد

بەخششێك بووبم لە هیچ

ناشرینیەك بووبم لە جوانی

سەرگەرمانە .. بە دەم سرووتی سەمایەکی بێ دەر و دەروازەوە

بە شەقامە شەکەتبارەکانیدا ڕێم دەربردووە

منالآنە .. فووم بە ڕیشی خۆڵەمێشیانەی پەپوولە پاییزیە

پەتیارەکانی کلوە بەفرەکاندا کردووە

بێخەیالآنە دیلانێم بە جۆلانەی مانگ کردووە و

بە پەرۆشیشەوە .. گوڵە شەختەگرتووەکانی ئەستێرەشم

لە دامەنی هەناسە بێگوناهەکانمدا ناشتووە

لە دالآنی تەنیاییمدا گوێم :

لە داستانەکانی خۆشەویستی – با – و

بالآدەکانی بەفر و

شانۆکانی باران و

چیرۆکەکانی سروشت و

ڕۆژنامەی دەنگ و باسی پاساریيەکانیش گرتووە

– 2–

گەر سۆفیەکی سەرسام بە ئەفسوونی ڕوخساری خۆی پێمبڵێ :

ڕۆحم لە تەنیایی خۆیدا قەرەباڵغە و

تۆ لە قەرەباڵغی خۆتدا تەنهای ، گوێی لێدەگرم

گەر گەدایەکی بێگوناه بە گوناه ، پێمبڵێ :
من گەدایەکی گەوهەرداری گەواهییە گەردونیەکانی خۆمبووم ،
گوێی لێدەگرم

گەر دانایەکی بەدبین پێمبڵێ :
من زانای زەردەنووره زەڕکەفتینیەکانی ڕازی خۆمبووم ،
گوێی لێدەگرم

گەر عارفێکی عاسی پێمبڵێ :
من عارفی مەعریفەتە بە ماریفەتەکانی خۆمبووم ،
گوێی لێدەگرم

گەر شاعیرێکی نەشئە و پەشێو بە ئەشکی شەوانە پێمبڵێ :
من پادشای عەرشی شەریعەتە پڕ ئاشووبەکانی خۆمبووم ،
گوێی لێدەگرم

گەر حەسرەتیش پێمبڵێ :
من حەیرانبێژی مەحەبەتە مەحرومکراوەکانی خۆمبووم ،
گوێی لێدەگرم

* * *

– تۆش ئەی دەروێشی هاوڕێم
بە شەمزانی شمشێری شعور و زەمزەمەکانی زیکرتەوە ، سوڵتانی
– تۆ ئەی شاعیری هاوڕێم
بە شەتاوی وشە بێ کەوشەنەکانتەوە ، سوڵتانی
– تۆ ئەی ڕۆشنبیری هاوڕێم
بە عیلەتی عیرفان و عبودیەتی مەعریفەوەیە ، سوڵتانی

- تۆ ئەی عاشقی هاوڕێم
به شوعلەی ورشەداری ئەندێشەکانتەوە ، سوڵتانی
- تۆ ئەی عارفی هاوڕێم ، بە سازگاری
نەهلستیەتە سەر و ساماندارەکەی سەرابی سەحراکانتەوە ، سوڵتانی

منیش ئەی سوڵتانەکان
به سیادەتی سادەیی و
به گەواڵە هەوری گومانەکان و
کردگاری ئەگەرێکی ترەوە سوڵتانم

– 3 –

چوون بادە نۆشێکی بەربادی بەیت و بالۆرەکانی بوون
چوون ئەستێرە ناسێکی
موزمەعیلی گوناهە سپیەکانی ئاسمانی ئەفیون
له ڕۆحئاوای ڕۆحمەوە هاتووم .. وەرە و لەم مەئیوسیەدا له گەڵمابە
گەرەکمە :
خونچەی تازە شکۆفە کردوی ماچە خوداییەکانی خەلیقەت
ئاو بدەم
به ناو شنەی شەماڵی شەپۆلە بێنەخشەکانی نەشئەیەکدا
ڕابکەم
ئۆرگازمی چپەدوو ناز بۆ کەنیزەکە بێنازەکانی ئەم نیازکە
بدزم
گوڵ له گوڵزاری دزە نیگا و غەمزەی مێرگەکانی زیندەگیدا

دەسکەنە بکەم
ئەزەلیەت بۆ لەحزە پڕ لەزەتەکانی هیچستانی هەناوم
ساز بکەم
لەبەر خورە خوڕی خەندە و خەنینەکانی خۆرێکی بێخەیاڵدا
خەراباتەکانی ناخی ناخم بشۆم
گوڵی گڕاوی ژوانگەیەکیش بنێمە نێو گوڵدانی بەر
پە نجەرە لێو بە بزەکەم

لە شە پۆلەکانی ئاو .. شیعر بنووسم
لە شە پۆلەکانی ڕۆح .. خولیا بچنم
لە شە پۆلەکانی گیا .. نەسیم ڕام بکەم
لە شە پۆلەکانی شەو .. هێوری فێر ببم
لە شە پۆلەکانی ئەشك .. پاکبوونەوە چنگ بخەم
لە شە پۆلەکانی مەنفا .. سەفەر فێر ببم ، تا
لەم سەفەرەمدا بێم بۆ لای تۆ و
بڵێم : چ سیحرگایەکی سرکە سەفەرستان ، مەحبووبەکەم

– 4 –

سەفەر یەعنی : بە جێمان و گەیشتن بە خەڵوەتگاکانی
خودی خود
سەفەر یەعنی : خوێندنەوەی دوا ئایەتی تەکیەکانی چاوەڕوانی
دوا نوێژ لەسەر بەرماڵەکانی یەقین
وەرە و لە گەڵمابە ...
تا لەم سەفەرە سووتەمەڕۆیەمدا بێم بۆ لای تۆ و
بڵێم : بێ تۆ ... چەنێ پڕ ئافات و بە سفتوسۆیە
سەفەرستان

**سەفەر خاچە**

**ئازار ئینجیلە**

**منیش : ئا منیش مەسیحم**

**سەراب بەلەممە و**

**بیابان دەریامە و**

**تیشك سەوڵمە و**

**خۆریش ناخودام**

**لە سەفەردایە ڕۆح دوو لەت دەبێ**

**نیوەم گۆرانی دەبێژێ ... و نیوەکەی دیشم کەڕ دەبێ**

**لەو هەراسانیانەدایە سەر دەکەمەوە بە ژێر بارانە**

**بۆنخۆشەکانی مناڵیدا و**

**هەروەك جاری جاران خۆم بە گالیسکەی هەوردا**

**هەڵدەواسم و**

**چەخماخەش قامچیەکەی هەڵدەدا بۆ دواوە**

**ئا ... هەر وەکو ئەوێ ساڵێ دەکەومە خوارەوە بۆ سەر**

**شەقامە زبرەکانی بەجێمان !**

**کەوتنە خوارەوە بۆ ناو قەریحە و ئەوقبونەکانی هەقیقەت و**

**بە جێمان**

**لە حوسنی حاڵەتە سەرحاڵەکان و**

**خەرمانەی خەون و خەیاڵە بێ خەریتە و**

**خاوێنەکان**



**ئەمێستاکە بە سوار ئەسپی واهیمەوەیەکم و**

**دەستم لە نێو گیرفانە قوڵەکانی وەسوەسەیەکدایە و**

به پاڵتۆی خەیاڵێکی پینە پینە کراوی ئایندەی خۆم
خۆم دا پۆشیوە و
بە هەورازە زەدەبووەکانی ئازارێکی دیدا
بێ هیچ مەبەستێك
بێ هیچ پەیامێك
بێ هیچ خولیایەك
سەرێك لە گۆڕخانەکەی پاییزی خەونێکی دوێنێکەم
دەدەم و
دەگریم و دەسووتێم
لەگەڵ مۆمی ناو ئەیقونی گەلاڕێزانی ئەستێرە
کشاوەکانی ئەمڕۆم و
لە دواجاردا ، دوو قۆڵی لەگەڵ هاوڕێ بە وەفاکەم ،، تەنیایی ،،
دەگەڕێینەوە بۆ لای ژوورە ماتەمین و بێ قاچ و دەست و لاڵەکەم



من ماندووم ..
ماندووم بۆ بەرامەی ئەو بارانەی
شانامەی شەریعەتی شنە و
حیکمەتی حەوانەوە و
ڕاڕایی ڕوان و
کەڵکەڵەکانی کەیل و
ساتە سەرمەدییەکانی سەما و سەفەر دەخوێنێتەوە

ئا لەوێڕایە :
بەرەکەتی تەنیاییم وا لە ماڵی پڕ شەوقی
شەونمدا
بەرەکەتی تەنیاییم وا لە گەڕەکەکانی گەردی

هەلاڵەدا
بەرەکەتی تەنیاییم وا لە مەرقەدەکانی مەراقی عەنقادا
بەرەکەتی سەوزی تەنیایی وا لە باخچەی سەوزی دڵێکدا
ڕازییە بە گشت گوناهە ئاڵتونیەکانی تەنیایی

ئاوڵەمەیی .. تەنها ئاشتبوونەوەیەك بوو لەگەڵ
دوا مێژووی تەنیاییدا
تەنها ئاشنابوونێکیش بوو لەگەڵ
شەریعەتی تەنیایی و
حیکمەتی تەنیایی و
ڕاڕایی تەنیایی و
کەڵکەڵەکانی تەنیایی و
ساتە سەرمەدییەکانی تەنیاییدا

ئەی ئەوەی بە زۆر تەنیاییم دەقلپێنیتە
کۆ گۆڕەکانی قەرەباڵغیەوە
تۆ تا هەنوکەش .. شنەی تەنیایی و
حەوانەی تەنیایی و
ڕوانی تەنیایی و
سەما و سەفەری تەنیاییت نەچەشتووە

تەنیاکان :
قەرەباڵغترین مەخلوقی خوڵقن
تەنیاکان :
تەنیاترین ئەندازیاری – واز – بوونی زمانن

**زمانی شنه و**
**زمانی حەوانەوە و**
**زمانی ڕوان و**
**زمانی سەما و سەفەرن**

**وای لە بێزمانی تەنهاییە موزەوەرەکانی مەنفا**
**وای لە بێزمانی تەنهاییە زۆرە ملێیەکانی زڕە ئازار !**

**تەنیایی خۆی کاکێشانی خۆی و**
**کیشوەری خۆی و**
**نیشتمانی خۆی و**
**شاری خۆی و**
**کوچەی خۆی و**
**ماڵی خۆیەتی**



**لە پەنجەرەی هەمیشە والای تەنیاییمەوە**
**لە وەرینی بێهەدادانی گەڵاکانی خۆر دەڕوانم ، لەو خەزانە ڕا تێدەگەم**
**ئێمە لە تنۆکە بارانە ئەبڵەق و بە جێماوەکانی سەر پەنجەرەی ساردی مەنفا دەچین**
**مەحبوبەکەم**
**دەستێك بەسە ناسنامەمان بسڕێتەوە ، یاخود**
**– با – یەکی دەغەزاری لانەواز دەست بنێتە بینمان و گوڵاوی سەرگوڵی گۆرانیەکانی غوربەتی ، بۆ گەردونێکی گومناو و ناگەهان ببات**

چ قەدەرێکە لە سەفەردا باران لە مەنفادا سەوز  ببێت و
چەمەنەکانی هەوریش وشك ببنەوە ؟

هەور داستانە
دڵۆپەکان شەهیدن
پەلکە زێڕینەش کەژاوەیە

ه..ه..ها چ خوێنێ بە هەدەر لە هەورە زامدارەکان دەچۆڕێ
ه..ه..ها نەزیفی بێ وەنەوزی چ ڕازێکی ترە
ڕێزە ڕێزە دەبزوێ و دەڕازێ ، لە ڕۆحیانەتی پڕ وەحشەتی منا ؟!

دیمەنەکان..جەستەی شەقار شەقار بووی ڕۆحمن
ئەی باخەوانەکانی تەمەنی من !
بۆ ئاوها گیانی ئەو گیایە گیانبازانە هەڵدەکێشن و
غەمسارد و خوێنساردانە
دەستنوێژ دەگرن بە خوێنی سەوزی من !؟

چما نازانن..نوێژ
ستایشی ئاواییە وشکەڕۆکانی ڕۆحە
بۆ چەمی ڕۆحێکی تر
چما نازانن..لە کوچەی ئەو چەمانەدایە
ماسییە تەنیاکانی موحیبەت سڵاو لە ڕۆحی یەکدی دەکەن ؟!



سڵاو ئەی سەما بە سوتوبووەکانی سەدە سەرابیەکانی
سەحرا

**لە چ ڕابوونێکدا ئینسکلۆپیدیای ئاوە نەنوستووەکان دەنوسنەوە ؟**
**ئاو جانتای دەستی زەمانە و**
**لە سەفەریدا گۆرانیە بێ جوگرافیاکانی دەگێڕێ**
**لەو جێیەدا ڕێدەر نابات ئاو ، دەهری دەبێ و**
**لە حەژمەتا کەف لە دەمی دەچرێ و**
**سەر دەکێشێت بە تاشە بەردەکانا و**
**هەزاران جار دەڵێت : ئاخ**
**ڕۆح لە کوێی تا دەرتبێنم ؟!**

**ئەی ناسکتر لە ئیحای ئاو ... نەشمیلتر لە جیلوەگا و ورشەکەی**
**کوا گوڵستانی هەناسەت**
**کوا ڕوخساری ڕەنگت**
**کوا سەرابی ڕێ و ڕۆینی لەنجەکەت**
**من بۆ تۆ دەگەڕێم .. بۆیە ،، ونم ،،**

**بۆم مەگەڕێن ! ئەی ئەو لافیتە پڕ فیتنانەی پاشەڕۆك و میزی**
**ئەدەبخانەکانتان خستبووە قوتوی فەلسەفەکانەوە و پێتان**
**فرۆشتین بە ئاوی حەیات**
**بۆم مەگەڕێن ! ئەی ئەو ماشێنە شادمانانەی فەزای سەربەستی**
**عیشقە خوداییەکانی ڕۆحتان بۆ خستینە قوتوی ( معلبات ) ەوە**
**ئێوە بوون بۆ ئەبەد لە تەنگانەکانی تەنهاییدا گومتان کردم .**

**ئەی زەمەنی گومبوو لە گومڕاییا**
**ئەی زەمەنی غەریب بە تەڕاییەکانی ڕۆح .. من تینومە و**
**هەڵوەدای ئەندێشەی ئاوی .. کتێبی ئاوی .. ئەفسانەی ئاوی**
**شیعری ئاوی .. ئیقاعی ئاوی .. مەلەکوتی ئاوی .. عیشقی ئاویم**
**درێغا ...**

له کوڵخەنتا گشت ئینجیلە ئاوییەکان بوونەتە تەمتومان
له کوڵخەنتا جێیەك نەما بۆ ماڵە باجێنەی هەورەکان و
چاوشارکێ ی باران و
هەلوکێن و تول تولێنی هەقیقەت و گومانەکان
تو خوا .. گەر بە زەخمی ئەو کوڵخەنانە مردم
دەمەوێ بمنێنە تابووتی بارانەوە و
بە پۆپەشمینی بارانێکی شەفاف داپۆشن و
گولاو بارانم بکەن بە پەلکی تەڕی باران و
بالادە دڵگەشەکانی بارانم بۆ بخوێننەوە و
چەتر و کۆتەڵێکم بۆ بکەن لە دەوەنەکانی باران .

لە باڵندەکان دەپرسم پۆستەخانەکانی باران لە کوێن ؟
ئاخ من و باران
من و چارەنووسی – با – چەنێ لە یەکدی دەچین
– با – سەردانی هەموو ماڵێکی دەکرد
کەچی کەس سەری بە سەردابەکانی ئەودا نە دەکرد
تا مەرزەکانی تەنهایی ببەزاندایە
ناچار بوو ، هەر گۆرانی بێژێ – با –
– با – دەیزانی :
نهێنی مانەوەی وا لە کۆسارەکانی سەفەردایە
نهێنی مانەوەی وا لە موتالاکردنی گەلاکاندا
– با – دەیزانی :
چی وا لەژێرسەری دێر بە دێڕی ڕوانی چلٚ و چێوەکان و
حەرفی چرۆسانەکاندا
چ حیکمەتێکیش هەیە لە توحفە و ڕۆشنایی
مانا سەوزەکاندا

بۆ ئەوەی نەمری بکڕێ ، هەور
بارانی مەحبوبەمی فرۆشت بە زەوی
( ئەم سکاڵایە بە دیواری – با – وە بوو )

شیعریش دەیگووت : تونێلەکانی سەفەر
شەمەندەفەرەکانی ژیان .. پڕن لە خەتای بێچارە
پڕن لە شیعری ناتەواو

،، میوەکان بە خاچی دارەوەن
پرسیارەکان بە خاچی وەڵامەوەن
گومانەکانیش هەر بە خاچی موتڵەقیەتێکەوەن ،،

مەحبوبەکەم ئا لەوێڕا : شیعر یەعنی
لەمسی شەفافیەتی هەور و هەتاوی هەناو
بە پەنجەکانی ڕۆح
شیعر یەعنی : زیندانی و ئازاد بوونی هەمیشەیی وش
لە هەساری تێکستێکدا
شیعر یەعنی : بارین و خۆشبونەوە
هەڵفڕین و نیشتنەوە
ڕەنگ و بێڕەنگی
پڕ بوون و خاڵیبوون
شادی و وەحشەتی ، لاموتەناهی

دەزانم .. گەر بچمە بیابانی شیعرێکەوە
هەر دەگەم بە سەرابی وشە و
حەرفەکانی لم

**دەشزانم .. ،مەوداى نێوان لق و كەوتنە خوارەوەى گەڵايەك**
**بيابانێكە**
**مەوداى نێوان لێوى گوڵ و گوڵى لێوێكى تر**
**بيابانێكە**
**مەوداى نێوان هەقيقەتى گومان و گومانى هەقيقەتێكى تر**
**بيابانێكە**
**مەوداى نێوان دەنگى بێدەنگى سەراب و بێدەنگى دەنگى سەرابێكى تر**
**بيابانێكە**
**گەر گەڕيدەبم لەو نێوەدا :**
**پرسيارم بێپايانە و**
**خەيالم بێپايانە و**
**زەمزەمەكانى نێو ڕۆحيشم بێپايان**

– 9 –

**گەر لەسەر سيلەى ڕستەى ڕێگا گومناوەكاندا**
**لە لەوە بگەمەوە بە لم و**
**لە سەرابەوە بگەمەوە بە سەراب و**
**لە بيابانەوە بگەمەوە بە بيابان**
**چ كوختێك بكەمە ناونيشان ..و چ نوقتەيەك دابنێم بۆ حەوانەوە ..و**
**چ فاريزەيەك دابنێم بۆ هەناسە .. و كوێ بكەم بە نيشتمان ؟**
**وێدەچێ ...**
**ئەم نهێنيانە بێ نيشتمان**
**ئەم وەسوەسانە بێ نيشتمان**
**ئەم گەشتانە بێ نيشتمان**
**ئەم خەيالە سركانە بێ نيشتمان**
**ئەم پرسيارانە بێ نيشتمان**

ئەم زەمزەمانە بن نیشتمان

ئەم فیتنانە بن نیشتمان

ئەم گوناهانە بن نیشتمان

ئەم سزایانە بن نیشتمان

ئەم مەلەکوتانە بن نیشتمان

ئەم پەیڤینانە بن نیشتمان

ئەم سەفەرانە بن نیشتمان ؟!

– بە پەپوولە دەڵێم کوێیە نیشتمانت ؟ دەڵێت گوڵ
– بە عیشق دەڵێم کوێیە نیشتمانت ؟ دەڵێت دڵ
– بە بەرد دەڵێم کوێیە نیشتمانت ؟ دەڵێت قەڵا
– بە قەڵا دەڵێم کوێیە نیشتمانت ؟ دەڵێت دەرگا
– بە دەرگا دەڵێم کوێیە نیشتمانت ؟ دەڵێت ڕێگا

من لە نێوان ڕێگا و دەرگا و قەڵادا

بێ نیشتمان ماوم

ئەشێ ڕێگا بێ نیشتمان

ئەشێ دەرگا بێ نیشتمان

ئەشێ قەڵا بێ نیشتمان

ئەز نازانم

نازانم ..نا !؟

حەبیبەم .. بۆ ئەم ڕۆحە بێ نیشتمانەم

گەرەکمە ماڵێك لە حەرف

گەڕەکێك لە وشە

شارێك لە ئەندێشە

مەملەکەتێك لە وێنا

گەردونێك لە گومانە گوناهبار و تاراوگە بووەکانم چێبکەم

حەبیبەم .. گەر عیشق نەبایە
چیم دابوو لە بنی ئۆقیانووسەکانی فرمێسك و
مێرگەکانی تەنیایی
گەر عیشق نەبایە .. پەنجەرەکانی شیعر و سەفەر و چاوەڕوانی و
تەنیایی و ئازار بۆ ئەبەد ئاوەڵا نەدەبوون
گەر عیشق نەبایە .. لە غەمە لە بیرکراوەکانی بیابانم نەدەپرس و
بە دوی دەرگا گومبووەکانی ، گومبوندا نە دەگەڕام

لەو نیشتمانە قاپی ڕۆح لەسەر پشتەمدا ، شیعرم :
سنەوبەرێکە لە پەسا کەسکە بە کەسەر
ڕووبارێکی بە کوڵ و کۆیە لە کەیل
هەورێکە لە کۆچ
شیعرێکە لە شیعر
لە بەفردا بۆ گوڵی بەفر .. و لە باراندا بۆ گوڵی باران .. و
لە شەودا بۆ گوڵی شەو .. و لە سەرابدا بۆ گوڵی سەراب .. و
لە گوڵدا بۆ گوڵی گوڵ .. و لە ڕۆحدا بۆ ڕۆحی ڕۆح
د ە گ ە ڕ ێ

شیعر پڕە لە سەفەری وشە
وشە پڕە لە سەفەری خەیاڵ
خەیاڵ پڕێتی لە زەمزەمەکانی مراز
ئاسمانی مرازیش پڕن لە ئەستێرەی هەتیوو
شۆستەکانی سەفەریش پڕن لە :
تیشکی هەتیوو
بارانی هەتیوو
خۆزگەی هەتیوو

شاعیری هەتیوو

خودایا .. شاعیر سك دەکا و لە دایکنابێ

شیعر سك ناکا و لە دایك دەبێ

نەسەبی شیعر لە شعورە

یا شعور لە شیعرە ؟

ئەوە مۆمە ، یا پەڕەکانی گوڵن لەم دەیجورستانەدا

دەسووتێن

ئەوە ڕووبارە ڕێدەکات ، یا گەڵاکانی شەپۆلن

دەوەرێن

ئەوە سروشتە ئاوا دەگری ، یا ئافرەتێکی خەیاڵی شیعرە

بە بەربەرییەتی :کلاسیکیانە .. ڕۆمانتیکیانە .. مۆدێرنانە .. نەهلەستیانە

جیلوەی جوانیەکەی ڕەیپ دەکرێ ؟!

من ئارامیەکی بێ ئۆقرەم

ئافاتێکی لەسەر خۆم

بووڵێڵێکی پڕ ڕووناکیم

غەزا کراوم بە عیشق .. و ڕەجم کراوم بە جەفا .. و تۆبە پێکراوم

لە دڵنیایی

ئەوەتا .. پاسارییەکان ئەستێرە بە دانەوێڵە

چاو دەکەن

شەمشەمەکانیش دەڵێن :

ئەستێرەکان ڕیقنەی مانگن

گومەزی بە شان و شەوکەتی شەویان

پیس کردووە

لەسەر سەكۆی نەسیمێكدا
نوێژە لە دەستچووەكانی سوكنایی دەسپێبكەمەوە
گیای ئەستێرە بە هەناسەی شنەیەك بشنێتەوە
با فانۆسەكانی شەونم لەسەر تاقی گەڵادا بگرێن
وشە میتافیزیكیەكانی سروشی سروشت خەندە بخەنە
سەر لێوی خەیاڵ
لەسەر پێستی ناسكی ئاو گەندەمووەكانی شیعر
بڕوێن

ڕۆح لە كیسراكانی نەستیدا :
شەرابی نەشئە بنۆشێ
بەخت یاری تار بژەنێ
تا نەبووم بە ژێر هەرەسی ،، فەوزاكانەوە ،،
ئەشێ هەر شیعری ،، فەوزەوی ،، بنووسم من !
گیانی شیعر .. گەرمی شیعر ..گۆرانی شیعر بڵێمەوە .

لە تاریكستانی تیشكێكەوە .. لاوژەیەك بێژم بۆ خۆرەتاو
لە سەحرای سەرابستانەوە .. سڵاوێك بنێرم بۆ كوێستان
لە سەردابەكانی هەورەوە .. ئارامگەیەك بسازێنم بۆ برینە
بێ هەتوانەكانی باران
لە كیشوەرە بێشوناسەكانی شینابییەوە .. پەنجەرەیەك بخەمە
سەر پشت بۆ – با –

گەرەكمە لە سەبەتەكانی – با – دا ، بۆنی سێوی سەراب و
لە بیابانەكانی – با – دا ، ڕەنگی بەیبوون و
لە بژوێنەكانی – با – دا ، دڵنشینی ڕام بكەم

ڕۆشنگەری لە شکۆفەی گوڵ و
شۆڕش لە پەپوولەکان و
خەڵوەتیش لە کرمی ئاوریشمەوە فێر ببم

ﻫ ..ﻫ ..ها چ پەپوولەیەکی مۆدێرن و
چ هەنگێکی ڕادیکاڵ و
چ بارانێکی فرە ڕەهەند و
چ – با – یەکی ڕۆمانسی و
چ هەڵاڵەیەکی مەغرورم



کە شارستانیەتی هەورەکان هەرەس دێنن
باران .. بێئاگا لەوەی کە ئینجیلە
بێئاگا لەوەی دەکرێ بە خاچی گوڵێکدا دەبارێ و
بێئاگا لەوەی تاجی ئاسمان دەنێتە
سەرسەری گێڵگە گەداکان

ئەو بێخەبەر لە حەمد و سەنا ڕەنگاو ڕەنگەکانی من
ئەو بێخەیاڵ لە زەدەبوون و بێزرانەکانی من !
بێئەوەی باڵی هەبێ دەفڕێ
بێئەوەی قاچی هەبێ سەفەر دەکات
بێئەوەی زمانی هەبێ ستران دەبێژێ
بێئەوەی چاوەڕێی بینەر بێت ، شانۆکانی نمایش دەکات
شیعرەکانی دەخوێنێتەوە .. دەست لە ملانێ دەکات
دەتوێتەوە
چ سەرفرازە باران !

**لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆحمەوە هاتووم .. وەرە و لە گەڵمابە ،**
**کە هێرشی پڕ شەهوەتی باران بۆ سەر جەستەی**
**ڕووتی گوڵ دەبینم**
**کە لار و لەنجەی باوەش بە یەکداکردنی شنە و لق**
**لە بالکۆنی قەد دا**
**شەهامەتی درەخت .. بە حیکمەتی ڕەگ**
**ئاسەواری لەمسی ماراسۆنی سپێرمەکان**
**بە ڕوخساری پڕ حیشمەتی هێلکەوە دەبینم**
**پرشە پرشی فوارەی سەراب بۆ نێو بیابانی**
**پەڕاوی خەون دەبینم**
**لە گەڵمابە ،**
**کە گوێم لە دەنگی ڕووناکی مۆمە .. ساتێ شیعر بۆ هاوڕێکەی**
**تاریکی دەخوێنێتەوە**

– 12 –

**با چەخماخەکانی لاشعورمان لێدەین ، وێدەچێ**
**ملی باریکی ئەم ڕێگا کوێرەوەبوانەی – وجود –**
**بە چاوی تیژی شیعر نەبێ نەدۆزرێنەوە !**
**خۆرئاوامان بەفرە و**
**ڕۆژهەڵاتمان بەفرە و**
**باکوورمان بەفرە و**
**باشوورمان بەفر**
**لە ڕۆحهەڵات و ڕۆحئاوای**
**ئەم ڕۆحە سەر بە گۆبەندەدا**
**ئێمە چەنێ بە دەست ئینسانیەتی جەنگەکانمانەوە**
**ماندوین ، مەحبووبەکەم ؟!**

چ ئەفسوردەگیەکە ...
که خۆ کوژی گەڵایەك لە مشتی چڵێکدا
خۆ کوژی – با – لە سەردابی دارستانێکدا
خۆ کوژی شه پۆل لە سەر شانۆی دەریایەکدا
به چاوه ئێشکگرەکەی ڕۆح دەبینین
چ وەحشەتێکە ؟
چوونە دەرەوە ...و چوونە ناوەوەمان
لەو کۆڵانە داخراوانەی سەبووری و
لەم ئاوێنە مەحاڵانەی وەحشەتدا
هەروا سانا نین ،
س
ا
ن
ا
نین مەحبووبەکەم

1999